بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم،ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «١٢٣» ٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ١٩ی مەی ٢٠٠٧ی زایینی

## جورج بووش:
## رژیمی ئێران نابێ دەستی بگات بە چەکی ئەتۆم

رۆژی پێنج شەممە ٢٧ی بانەمەڕ سەرۆکی ئەمریکا جارێکی دیکە رایگەیاند نابێ رژیمی ئێران توانای دروستکردنی چەکی ناوکەیی هەبێ. بوش لەدوای وتووێژ لەگەڵ تۆنی بلێر سەرۆك وەزیری بەریتانیا رایگەیاند، ئەگەر رژیمی ئێران دەستی بگاتە چەکی ئەتۆم، ئاشتی بۆ جیهان نامێنێتەوە. بوش گوتی کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ لە بەرانبەر رژیمی ئێران یەکێتی بپارێزێ و ئەگەر نەیتوانی رژیمی ئێران بۆ راگرتنی پالاوتەکردنی ئورانیۆم رازی بکا، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ ئابلۆقەی نوێ لەدژی پەسەند بکا.

## ساڵرۆژی ئازادیی رۆژنامەگەری جیهانی ی و بەردەوامی سەرکوتی رۆژنامەنووسان

رۆژی سێزدەی بانەمەڕ رۆژی ئازادیی جیهانی ی رۆژنامە نوسانە و ئەگەر چی لە سەرانسەری جیهان باس لە ئازادی رۆژنامە و رۆژنامە نووسان دەکرێ، بەڵام هێرش و سەرکوت بۆ سەر رۆژنامە نوسان بە شێوەیێکی بەردەوام و بە بەرنامە درێژەی هەیەو کەم رۆژ هەیە لەلایەن ژمارەیێك حکومەت و دەسەڵاتدار و تاقم و دەستەی ترۆریستی رۆژنامە نووسێك نەکوژرێ.

ژمارەی رۆژنامە نووسانی کوژراو لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٧ بە رێژەیێکی بەرچاو بەرز بۆتەوە. داخستنی رۆژنامەکان لەو وەڵاتانەی کە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەیان هەیە، لە زیاد بووندایە و کەم رۆژ هەیە رۆژنامەیێك دانەخرێ و رۆژنامە نووسان لە سەر دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیان و دەرخستنی گەندەڵی و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتداران زیندانی نەکرێن.

سەرکوت و هەڕەشە لە بەرانبەر رۆژنامە نوسان لە ئێراندا و لە ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئاخوندی بە شێوەی بەرین درێژەی هەیە و رۆژنامە نووسان لە سەر دەرخستنی راستیەکان و گەندەڵی دەسەڵاتی ئاخوندی دەکەونە بەر شاڵاوی هێزە ئەمنیەتیەکان و دەگیرێن و شکەنجە دەکرێن. هەروەها رۆژنامەکان لە ئێراندا تەنیا بە هۆی بە چاپ گەیاندنی بابەتێکی بچووك کە بە دڵی دەسەڵاتداران نەبێ دادەخرێن.

هەر لە ماوەی ڕابردوودا، هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم لە بەر دەرگای دانشگای سەنعەتی شەریف ( ئەمیر کەبیر ) پێنج رۆژنامە نوسیان بە تاوانی ناراست گرت و هەر لە درێژەی سەرکوت و کۆسپ دروست کردنی دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی خەڵك دەستیان بە راگەیاندنی ئازاد نەگا، لە زۆربەی شارەکانی ئێران هێزەکانی ئەمنیەتی بە شێوەیێکی بەرین لە هەوڵی کۆکردنەوەی ( ماهوارە ) دان و لەلاییێکی دیکەوە زۆربەی ماڵپەڕەکانی ئینترنێتی کە لە دژی دەسەڵاتی ئاخوندی بابەتی سیاسی و زانیاری بڵاو دەکەنەوە فیلتێریان دەخرێتە سەر و رێگە نادرێ خەڵك بیان بینن.

لە پێوەند بە سەرکوتی ئازادیخوازان و، رۆژنامە نوسان، ناوەندی چاودێریی مافی مرۆڤی جیهانی لە ڕاپۆرتێکی ٥٠٠ بەرگیدا هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بە نا لە بار ناو بردووە و لە بەشێك لەو ڕاپۆرتەدا هێرش بۆ سەر رۆژنامەکان و، رۆژنامەنووسان باس کراوە کە بەشێك لە رۆژنامە نووسان و روناکبیران لە بەر سەرکوت و چەوسانەوە ئێرانیان بە جێ هێشتووە. هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە بە پێی حوکمی بەرپرسانی قەزایی رژیم رێگە نادرێ دە ملیون ماڵپەڕی ئینتێرنێتی لە ئێراندا خەڵك ئازادانە بیان بینێ.

هەروەها پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە راگەیێندراوێکدا چەندین بەڵگەیان لە سەر سەرکوت و گرتنی رۆژنامەنووسان هێناوەتەوە کە ئەوانە بە تێکڕا دەرخەری ئەو راستیەن کە رژیمی ئاخوندی و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵك و کپ کردنی دەنگی نارەزایەتی و داخستنی رۆژنامەکان و گرتنی رۆژنامەنووسان لە پلەی یەکەمین دەسەڵاتەکانی جیهاندایە.

لە رۆژی رۆژنامە نووسانی جیهان و ئازادی راگەیاندن دا، زیاتری بەڵگەکان لە سەر سەرەرۆیی و ستەمگەری دەسەڵاتی ئاخوندی ئێرانە کە ئەوەش بەڵگەیێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی باشتری بۆ دەرکەوێ کە رژیمی ئاخوندی چ رژیمێکی سەرەرۆیە. بێ گومان رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر ئەو رژیمە سەرەرۆیەدا تەنیا کاری جەماوەری ئێران نیە بەڵکوو دەبێ کۆدەنگییێکی جیهانی لە سەر ساز بکرێ و کۆمەڵگەی جیهانیش دەست لە هاوکاری و نزیکی رژیمی سەرەرۆی ئاخوندی هەڵ بگرن و لە بەرانبەردا ئەو رژیمە بخەنە بەر بایکوتی سیاسی و دیپلوماسی.

لە یادی رۆژی ئازادی رۆژنامە نوسی جیهانی چالاکی و هەڵسوورانی رۆژنامە نووسانی چالاك و چاونەترس، تێکۆشەری کوردستان و ئێران بە گرینگ و بایەخدار دەزانین و لەگەڵ پیرۆزبایی کردن لێ یان بە بۆنەی ئەو رۆژە پڕ بایەخە، سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونیان لە کاری رۆژنامەگەری ئازاد و رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر رژیمی ئاخوندی بە ئاوات دەخوازین.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**کۆمیسیونی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن**

## رەخنەی چاودێری مافی مرۆڤ لە رژیمی ئاخوندی لەبەرانبەر گیرانی لاواندا

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە راگەیێندراوێکدا رەخنەی لە گرتن و زیندانی کردنی هەزاران ژن و پیاوی لەماوەی چەند حەوتووی رابردوودا لە ئێران گرت. و ئەو کردەوەی بە هەڕەشەیێك بۆسەر چوارچێوەی ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکان لە ئێران زانی. چاودێری مافی مرۆڤ داوای کردووە بە زوویی تێکڕای ئەو کەسانە ئازاد بکرێن کە لەژێرناوی کردەوەی دژی ئەخلاقی زیندانی کراون. بەپێی ئەو راگەیێندراوە، زیاتر لە هەشتا نەفەر لە ئاکامی هێرشێکدا بۆسەر میوانییێك، گیراون. رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لەزمان کەسێك کە بۆخۆی شاهید بووە، دەگێڕێتەوە کە نزیك بە سەعات ١٠ی شەوی ٢٠ی بانەمەڕ، هێزەکانی پۆلیس و بەسیج هێرشیان کردە سەر میوانییێك لە یەکێك لە ئاپارتمانەکانی شاری ئیسفەهان و ٨٧ کەسیان گرتوە کە چواریان ئافرەت بوون. ٨ کەس لەوانە تاوانبارن بەوەی کە جلوبەرگی رەگەزی بەرانبەریان لەبەر کردووە.

"جو استورك" جێگری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لەپێوەند بەو گرتنانە لە ئێران رایگەیاند: دیواری ماڵەکانی خەڵك روون و دیارن بەڵام داڵانەکانی عەداڵەت تاریکن. ناوبراو گوتی ئەو کردەوانەی رژیم دەری دەخا کە بە روبەڕووبوونەوە دژایەتی لەگەڵ بەناو بێ‌ئەخلاقی تا چ رادەیێك رێز و پێگە و شان شکۆی مرۆڤایەتی و جێگەی ژانی خەڵك دەکەوێتە بەر بێحورمەتی.




## ژاپۆن ئابلۆقەی سەر رژیمی ئێرانی توندتر کرد




رۆژی هەینی ١٨ی مەی ٢٠٠٧ــ ٢٨ی بانەمەڕەی ١٣٨٦، وەزیری دەرەوەی ژاپۆن لەبەردەم هەواڵنێران رایگەیاند ژاپۆن بەشێوەی بەرینتر هەڵوێست لەبەرانبەر بەرنامەناوکەییەکانی رژیمی ئێران دەگری. بە پێی راپۆرتی هەواڵدەری رۆیتەرز، دەوڵەتی ژاپۆن رایگەیاندەوە دەست بەسەر دارایی ی ١٥ هاوەڵاتی ئێرانی و ١٣ شیرکەت کە لە بڕیارنامەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ناویان هاتووە، دەگرێ.

دەوڵەتی ژاپۆن رایگەیاندووە کە هەرنەوعە کۆمەگ و وامێك بە ئێران بێجگە لە پێوەند بە کۆمەگی ئینسانی و پەرەپێدان بە ئاوەدانی، رادەگرێ.

هاوکات یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن کە نەیویست ناوی ئاشکرا بێ، بە هەواڵدەری فەرانسای رایگەیاند کە بانگی سپە یەکێك لەو ١٣ شیرکەتەیە کە ئابلۆقەی خراوەتەسەر. ئەو بەرپرسە ژاپۆنیە رایگەیاند ژاپۆن زیاتری موعامەلەی چەکفرۆشی لەگەڵ رژیمی ئێران قەدەغە کردووە تەنانەت رێگە لە ناردنی جلیقەی دژەگوللە بۆ ئێران دەگرێ کە گرینگیی ئەوتۆی نیە.

## گۆردن براون بە سەرۆك وەزیری بەرتانیا هەڵبژێردرا




حیزبی دەسەڵاتداری بەریتانیا رایگەیاند وەزیری خەزێنەداری بەریتانیا تەنیا پاڵێوراوی ئەو حیزبەیە بۆ سەرۆکایەتیی حیزبی کرێکار.

٣١٣ کەس لە نوێنەرانی پارڵمان کە ئەندامی حیزبی کرێکارن، دەنگیان بە ناوبراو داوە کە لە رۆژی ٢٧ی ژوئەن دەبێتە سەرۆك وەزیری بەریتانیا.

گۆردۆن براون لە راپرسیەکدا کە لە ناو نوێنەرانی حیزبی کرێکار لە پارڵمان و مەجلیسی ئەعیانی ئەو وەڵاتە ئەنجام درا، توانی ٨٨٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ.

حیزبی پارێزگاری بەریتانیا کە سەرەکیترین حیزبی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتە، داوای کردبوو لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی تۆنی بلێر هەڵبژاردنی گشتی

## سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کردەوەی تروریستی لە نزیك وەزارەتی ناخۆی حکومەتی هەریمی کوردستان لە شاری هەولێر مەحکوم دەکا

رۆژی چوارشەممە ١٩ ی بانەمەڕ بەرانبەر بە ٢٠٠٧/٥/٩ زایینی تروریستانی دژمن بە ئازادی و دژمن بە گەلی کورد ماشێنکی بارهەڵگری پڕ لە تەقەمەنیان لە نزیك وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەریمی کوردستان لە هەولێر تەقاندەوە کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە چواردە هاوەڵاتی و بریندار بوونی دەیان کەسی دیکە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەو هێرشە تروریستیە درندانەیە بە توندی مەحکوم دەکا و لەگەڵ حکومەتی کوردستان و خەڵکی تێکۆشەر کوردستانی عێراق و شاری هەولێر ماتەم دەگێری و سەرە خۆشی بە کەس و کاری شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵ تەزینە رادەگەێنێ.

گومان لەوە دانیە ئەو کردە تروریستیە کاری دژمنانی کوردستان و ئەو رژیمانەیە کە چاویان بە ئازادی کوردستان و عێراق و بە حکومەتی کوردستان هەڵ نایێ.

هەروەك لە چەند رۆژی رابردوودا تروریستان لە سەر سنووری پێنجوین دەستیان بە خوێنی دوو پاسەوانی سەر سنووری هەریمی کوردستان سوور بوو، کە دوای بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەکەیان و بۆ پناگاگانیان لە ناو خاکی ئێران رۆیشتنەوە.

گومان نیە ئەم کردوە دەرندانەیەش لە لایەن ئەو تروریستانە و پشتوانیەکانیان بە تایبەت رژیمی ملهۆری ئاخوندی ئێرانەوە رووی داوە.

لەگەڵ دەربڕینی غەم و پەژارەی دووبارە و مەحکوم کردنی توندی ئەو جینایەت و کردەوە تروریستیە. دیسانەوە سەرە خۆشی خۆمان بە کەس و کاری شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە رادەگەیێنین و لە خودای گەورە داواکارین شفای بریندارەکان بدا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

9/5/2007

## ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە سەر نارەزایەتی موعەلیمان لە شارەکانی کوردستان

لە چەند رۆژی ڕابردوودا، لە شارەکانی کوردستان نارەزایەتی و ئیعترازی موعەلیمان بەرێوە چوو، کە ئەو نارەزایەتیانە، لە سەر سیاسەتە دژی زانستی و عیلمیەکانی رژیم و لە بەر پێ ڕانەگەیشتن، و ستەم بەرانبەر بە موعەلیمان و خواستەکانیان رویان داوە.

ئیعترازی موعەلیمان لە شاری سەقز زیاتر لە دوو رۆژە بەردەوامە و هێزە ئەمنیەتیەکانی بە ناو گاردی تایبەت گەمارۆی موعەلیمانیان داوە و هەڕەشەیان لە موعەلیمان کردوە و پێ یان ڕاگەیاندوون دەست لە مانگرتن هەڵگرن.

بەڵام موعەلیمانی شۆرشگێڕ و نیشتمان خۆشەویست گوی یان بە هەڕەشەی هێزەکانی رژیم نەداوەو بەردەوامن لە مانگرتن و ئیعتراز لە رژیم.

بە پێی هەواڵەکان، موعەلیمان لە شاری سنە و بۆکانیش دەستیان داوەتە ئیعتراز و مانگرتن لە دژی رژیم و دەسەڵاتداران و داوایان کردوە خواستەکانیان بۆ جێ بە جێ بکرێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە موعەلیمان و داوا رەواکانیان دەکا و تێکۆشان و مانگرتنیان بە سەرەتایێك بۆ رووبەروو بوونەوەی تێکڕایی و جەماوەریی لە بەرانبەر رژیمی ئاخوندی دەزانێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران داوا لە جەماوەری تێکۆشەری کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمان دەکا، بە تەواوی توانا پشتیوانی لە تێکۆشان و خەباتی موعەلیمانی ئازادیخوازی کوردستان بکەن.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەریی لە بەرانبەر رژیمی ئاخوندی

درود بۆ موعەلیمان و ئوستادانی ئازادیخواز و تێکۆشەر

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٣ی بانەمەڕی ١٣٨٦

**تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**